

# یوتی میته:

# گرنگیدان بەکەلتوورەکانیتر...

# ئێمە ئامێرێکین لەئۆرکسترایەکی گەورەدا

دیداری: شۆڕش محەمەد حسێن

هونەرمەندو پرۆفیسۆر یوتی میتە بانگەشە بۆ هونەرێك دەکات کە تەواو لەسنوورە تەسکەکاندا چۆتە دەرەوەو بۆتە رۆحێکی راکشاوی ئاسمانی مرۆڤایەتی. ئەو کەشی رۆشنبیریی‌و هونەری لەئازادیدا دەبینێ‌و پێی وایە کە هونەرمەند هەرچەند خۆی لەسنوورەکانی ناسیۆنالیزمدا قەتیس بکات زیان لەپەیامی هونەری دەگەیەنێ‌و بۆچوونیشی دەربارەی دوا هەوڵە هونەرییەکانی ئەوروپا ئەوەیە کە ئەوروپا ئێستا هەست بەکەلتوورەکانیتر دەکا بۆیە یەك مێژووی هونەرو یەك جۆر مۆدێرن نییە، بەڵکو هەریەکە وەکو ئامێرێکین لەئۆرکسترایەکی گەورەدا.

پرۆفیسۆر (Utemete) خەڵکی ئەڵمانیایەو رێکخەرێکی هونەری سەربەخۆیەو پرۆفیسۆرە لەفێرگەی هونەری هاوچەرخ لەئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی ڤییەننا. لەنێوان ساڵانی (1990تا19949) بەڕێوەبەری خانەی هونەر بووە لەشاری (شتوتگارد)، یەکێك بووە لەڕێکخەرانی دۆکۆمێنتاری 11 لەکاسڵ ساڵی 2002، پرۆژەکانی پێکهاتوون لەوتووێژی تەلارسازەکان لەبەرشەلۆنە 2001، یەکەم چیرۆك–تەلاری ژنان، بەسەرهاتی نوێی سەدەی 21 لەپۆرتۆ 2001.

لەساڵی 2002دا سەنتەری هونەری هاوچەرخی نەرویجی دامەزراندووەو تاکو ئێستا بەڕێوەبەری ئەو پرۆژەییە. رێکخەری هونەری بینالەی بەرلین 2004 بووە. ساڵی 2005 وەك پرۆفیسۆرو بەڕێوەبەر لەپەیمانگەی هونەری بینراو لەنیۆرك دەست بەکاربووە. ئەم خانمە یەکێکە لەو کەسانەی کە دژ بەوە وەستاوە کە نوێگەری‌و مۆدێرنە بەتەنها موڵکی ئەوروپییەکان بێت‌و بڕوای بەمۆزەخانە نییە کە هونەری تیادا نمایش بکرێت‌و دژ بەکەلتوری کۆلۆنیاڵییە.. ئەم گروپە هەوڵ دەدەن ئیقتیحامی کۆلۆنیالی ببەزێنن.. لەکۆتاییەکانی ساڵی (2005) تاقیگەی (هونەر هونەر) زنجیرەیەك سیمیناری بۆ ئەم خانمە لەسلێمانی رێکخست‌و لەو چەند رۆژەی کە لەسلێمانی مایەوە کۆمەڵێك سیمیناری هونەری‌و گەشتی رۆشنبیری‌و بەسەرکردنەوەی دەزگا روناکبیرییەکان‌و هونەریەکانی سلێمانی بەسەرکردەوە. دەرفەتێکمان لەگەڵی رەخساندو بەهاوکاری هونەرمەند (شیروان عەلی) ئەم دیدارەمان لەگەڵ ساز کرد.




***هاندەری هاتنت بۆ کوردستان و شاری سلێمانی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

–تاقیگەی (هونەر هونەر) بانگێشتی من و (لیفنت کونت) کە لەئەکادیمیای ڤییەننا دەخوێنێت، کرد بەهاوەڵی هونەرمەند (شیروان عەلی) تاوەك (مینیکس) پرۆژەیەك لێرە ساز بکەین کە ناوبراو چەند جارێك هاتۆتە ئێرەو منیش بەو مەبەستەوە هاتمە سلێمانی تاوەك سەرەتایەك کەشی هونەری ئێرە بدینم و لەدوای ئەو گەڕان و لێکۆڵینەوانە بتوانم بڕیاری کارکردن بدەم لەسلێمانی.

***لەو سەردانەت چەندین سیمیناری هونەریت ڕێکخست و لەنزیکەوە بەئەزموونی هونەرمەندانی شێوەکار ئاشنابویت، دەمانەوێ بزانین چۆن دەڕوانیتە هونەری شێوەکاری کوردی؟**

–لەپێشدا سەرنج ڕاکێشە کە لەسلێمانیدا چەندین هونەرمەندی شێوەکار هەیە کە بەستایلی جیاواز کار دەکەن، من پێم وایە لەم شارەدا وزەیەکی هونەری گەورەو پاشخانێکی هونەری گەورە هەیە و لەم سەردانەمدا هونەری کۆمەڵێك نەوەی جیاوازم بینی و کۆمەڵێك جێگەی هونەریم بەسەرکردەوە لەوانە (کۆلێژی هونەری زانکۆی سلێمانی و پەیمانگای هونەرەجوانەکان.. لەگەڵ ئەوانەشدا کۆمەڵێك کەشی هونەریمان بینی کە ئەو هەستەی لەلا دەخوڵقاندین کە لە20 تا 30 ساڵی رابردوو لێرە هونەر لەئابڵۆقەیەکی هونەریدا بووە.

ئەوەی گرنگ بوو لەلای من ئەوەبوو بێمە ئەم شارەو مێژووی پەیوەندییەکان (پەیوەندیە فکریەکان) ببینم، چونکە لێرە زۆر هونەرمەند دەبینی بەمێژووی کوردەوە کاردەکات (چ مێژووی کۆنی کورد یاخود مێژووی ئێستا) بۆ من پێویستە لەو پێودانگەوە سەیری شتەکان بکەم. بۆ من جێی سەرنجە کە هونەر دەچێتە ئەو بوارانەوە..

بۆ من سەیر بوو کە لەلایەکەوە هونەری ئەبستراکتم بینی وەکو جوڵەیەکی دژ دەبینراو لەلایەکی تریشەوە کۆمەڵێك هونەرمەندی گەنجم بینی کە خۆیان کردۆتەوە و لەگەڵ میدینی تازەدا کاردەکەن و میدینی تازەو تەکنیکی تازە تاقیدەکەنەوە، کە دواجار دەبێتە هۆی دۆزینەوەی فەزایەکی تازەو لەهەمان کاتیشدا لەگەڵ نەوە کۆنەکاندا لەیەك شوێندا کاردەکەن و پێکەوە ماونەتەوە.

جا بۆیە ئێستا من لەم کاتە کەمەدا ناتوانم رابدەم و لەسەر هەموو ئەو شتانەی کە بینیومە ناتوانم رایەکی خێرا بدەم.. من زۆر کەمم بینیوە تا ئەو رایە بدەم، هێشتا بەتەواوی هونەری کوردی و کاری هونەرمەندی عیراقی و ئەوانەی دەرەوەم نەبینیوە بۆیە ناتوانم رایەکی رەها بدەم، هێشتا زووە بۆ ئەوە.

***تا چەند لەگەشتەکەتان سیمای شاربوون و روخساری مەدەنی بوون و رۆشنبیریت بینی و پێت وایە شار توانیویەتی لەبونیەتی رۆشنبیری و هونەریدا هاوکار بێت؟**

–زۆر پێویستە کە شار یارمەتی ئەو بونیە هونەریە بدات و دروستی بکات، لەلایەکی تریشەوە گرنگە هونەرمەند جیا لەو پەیوەندیەش کاربکات، بەڕای من پێویست ناکات هونەرمەند بانگەشەی

ئەوە بکات کە وڵاتەکەی خۆی بخاتەڕوو و ناسیۆنالیزمانە بیر بکاتەوە، بۆیە دەبێت کەشی ڕۆشنبیریی و هونەری زۆر ئازاد بێت.. دەبێت لەسەنتەرە ڕۆشنبیریی و زانکۆکاندا بەشێوەیەکی تیۆری باس لەم چەمکانە بکرێت و بەرهەمێکی تیۆری دروست بکرێت بەرامبەر سەرجەمی ئەم مەسەلانە. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە هونەرمەند خۆی ئەو ئاوەژووبوونە (ئینعکاس) دروست بکات وەك تاك نەك وەك گروپ و کۆمەڵ. هونەریش دەبێت بۆچوونە ڕەخنەییەکەی خۆی ون نەکات کە لەئێستادا هەموو شتەکان لەبونیادنانداندان و لەو پرۆژە دیموکراسیەی کە ئێستا بەردەوامەو هەیە..

***هونەری کوردی وەك بارە ڕۆشنبیرییەکەی بەشێوەیەکی گشتی لەژێر کاریگەری ئەو گۆڕانکاریانەدا بووە کە لەژیانی کورددا ڕویداوە بەنموونە بارودۆخی شەڕی بەردەوام و ناجێگیریی و نادڵنیایی و..هتدو لەئێستاداو دوای پرۆسەکانی ئازادی کە ئەم هونەرە ڕووەو گەشانەوە دەڕوات.. تا چەند ئەو قۆناغانەی هونەری کوردیت بینی لەم سەردانەت؟**

—بۆ من زۆر پێویستە هونەر تەدەخول بەهەموو شتێکەوە بکات، تەدەخول بەمێژووی ئێرەو مێژووی جەنگەکانی ئێرەو شەڕە ناوخۆییەکان و ئەنفال و هەڵەبجەدا بکات و توانیویانە گوزارشت لەو حاڵەتانە بکەن، بەڵام شتێکی پێویستیشە کە لەئێستادا لەپاشەڕۆژ بڕوانن و لەو کاتەشدا خۆیان لەحاڵەتێکی نائاسایشی نەبیننەوەو دوو دڵ نەبن بەرامبەر پاشەڕۆژ.. ئەم حاڵەتە وا لە من دەکات کە بپرسم ئایا هونەر لەو ترسەدا دەتوانێت ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتیە ببینێت؟ پێدەچێت ئەو بێبڕیارییە پەیوەندی بەو کاتەوە هەبوبێت کە کورد لەداخراوەیدا بووە بەڵام لەئێستادا کە خۆی کردۆتەوە خۆی لەبەردەم چەند پرسیارێك دەبینێتەوە، لەوانە (هونەری کوردی لەپەیوەندی بەدەرەوەی خۆی و لەو پرسیارانەی کە لەنێوان و کورد و عیراقدایە بەرەو کوێ دەڕوات؟ پرسیاری ئەوەی کە ئایا ئێمە بەشێکین لەعیراق یان نا؟ ئەی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ کوردەکانی‌ترو هونەرمەندەکانی‌تر چۆن بونیاد بنێینەوە؟ ئایا پێویست دەکات خۆمان بخەینە ناو هونەری عیراقیەوە یاخود پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هونەرمەندانی خۆمان و کورددا قوڵ بکەینەوە؟ بەڕای من ئەمە ئەوە دەکاتەوە کە لەئازادیدا خۆیان ببیننەوە نەك لەحاڵەتێکی ناسیۆنالیزمیدا..

جا بۆیە پێویستە کە لەلایەکەوە هۆشیاری زاتی هونەرمەندی کورد بەهێزبکرێت و لەلایەکی تریشەوە لەبەشەکانی تری هونەری عیراقی و لەو پەیوەندییەش بێ ئاگانەبێت.

***وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد کە هونەری کوردی کۆمەڵێك قۆناغ و زەمەنی جیاواز جیاوازی بڕیوەو لەپێشتردا دەروازەکان بەسەر کوردستان و هونەردا ئابلۆقەدراوو داخراوبوون، بەڵام لەئێستادا ڕەوشەکە لەسەرجەم بوارەکاندا گۆڕان و وەرچەرخانی بەخۆوە بینیوەو بەرەو کرانەوە بەڕووی سنورەکاندا هەنگاو دەنرێت، تا چەند تۆ لەم سەردانەتدا ئەم گەشەکردن و کرانەوەیەی هونەری کوردیت بینیوە؟**

—لێرە تەوژمێکی گەورە هەیە بۆ کارپیشاندان کە هەستی پێدەکەین لەدوای ئەو ئابلۆقەوە هاتووە کە تۆ باسی دەکەیت و هەستیش بەوە دەکەین کە تینوێتیەکی هونەری هەیەو هونەرمەندەکان حەزیان لەبینینی کاری هونەری و نیشاندانی بەرهەمی هونەریە. من بەپێویستی دەزانم هونەرمەندی کورد بچێتە دەرەوەی ئێرەو مۆزەخانەکان و هونەری‌تر ببینێت و بەپێچەوانەشەوە خەڵکی دەرەوە بێن بۆ ئێرە.. پێویستیشە هونەر لەگەڵ بەرهەمە کەلتوریەکانی‌تر لەنموونەی (ئەدیب و شانۆو مۆسیقاو فیلم پەیوەندی بگرێت و لەحاڵەتێکی

دابەشکردندا نەبن. هونەرمەند دەبێت بەنموونە لەگەڵ ئەدیب و نووسەردا کاربکات، تاوەکو لەم بونیە تازەدا واتا بونیەی کەلتوریدا ئاگایان لەیەکتری بێت.. پێویستە هونەرمەند پەیوەندی بەوردو درشتیەکانی کۆمەڵگەوە هەبێت.

***لەپەنای ئەو رەوشەی کە لەئێستادا بۆ کایە فەرهەنگیەکان کورد خوڵقاوەو لەبەرامبەر کرانەوەی سنورە نێودەوڵەتیەکان بۆ کورد، تا چەند هونەرمەندی کورد توانیویەتی سنوری لۆکالیێەت ببەزێنێت و خۆی بەکەلتورە جیهانیەکان بناسێنێت، بەتایبەت کۆمەڵێك هونەرمەندی کورد هەن کە لەولاَتانی دەرەوەو جیهان کاری هونەری دەکەن بەنموونە هونەرمەندان (مەدحەت کاکەیی و رێبوار سەعیدو هوشیار سەعیدو چەندینیتر) تا چەند تۆ ئاگاداری ئەزموونی کارکردنی ئەم هونەرمەندە کوردانەی لەدەرەوەی ولاَت؟**

-من ناتوانم وا بەئاسانی رای خۆم بڵێم بەتایبەت کە لەئێستادا باسی هونەری جیهانی دەکەین زیاتر دەستکارییەکی ئەوروپی و ئەمریکی پێوە دیارە، بەلاَم لەجیهاندا کۆمەڵێك چالاکیتر هەیە کە لەدەرەوەی ئەواندا دەکرێت، بەنموونە لەو ولاَتانەی کە کۆلۆنیالی ولاَتە ئەوروپییەکان بوون و ئێستا بەشێوەیەکیتر کاردەکەن. بۆیە لێرەدا مێژوویەکی کۆن هەیە لەگەڵ مێژوویەکی تازە کە ئابلۆقەدراوە، ئەم مێژووە تازەیە بەنسبەت هونەری کوردییەوە بەمۆدێرنە کۆتایی دێت و لەدوای ئەوە هیچمان پێ نەگەیشتووە، بۆیە دەبێت ئەم 20 تا 30 ساڵەی داهاتوو قەرەبووی هەموو ئەو شتانە بکەینەوە کە وەك هونەری کوردی لەدەستمان چووە. من ئەمە وەك رەخنە ناڵێم چونکە ئەوە دەزانم بەدەسەلاَت و حەزی هونەرمەندی کورد رووی نەداوە.. بەلاَم لەئێستادا دەبێت خۆمان بکەینەوەو ئیدینستیتی (کەسێتی خۆمان) ون نەکەین.

***رایەڵ و پەیوەندیەکانی نێوان هونەرو ناسیۆنالیزم لەچیدا دەبینیتەوە، تا چەند هەست بەرەنگدانەوەی ئەم چەمکە واتا (ناسیۆنالیزم بوون) دەکەیت لەکاری هونەری هونەرمەندانی کوردا؟**

-بەڕای من پێویستە هونەر تەدەخولی ئەو بابەتە بکات، بەلاَم لەهەمان کاتیشدا نابێت نمایشی سیاسەتێکی تایبەتی یان حوکمەتێکی تایبەت بکات، ئەمە بابەتێکی زۆر سامناکە، بۆیە کە خودی خۆم بمەوێت پرۆژەیەك بکەم پرۆژەیەکی ئەڵمانی ناکەم چونکە من خۆم ئەڵمانیم، بەلاَم هەمیشە خۆم لەحاڵەتێکی رۆشنبیری دەبینمەوەو لەسەرو ئەو حاڵەتانەوە ئیشەکەم بەواتای ئەوەی لەکەلتورێکی گشتیدا کاردەکەم، کارکردنم کارکردنە لەکەلتورێکی جیهانیدا نەك کەلتوری ناوچەیەك، من لەکۆمەڵگایەکی گشتیدا کاردەکەم نەك بۆ ولاَتێکی تایبەت. بۆیە ئەگەر لێرە بەتەنها بەمێژووی کورد ئیش بکرێت من بەتەسکبوونەوەی دەبینمەوە چونکە بەکوردی بوونم و کارکردنم بەکوردی بابەتێك نییە چونکە دواجار من خۆم کوردم. هونەرمەندی کورد دەبێت ئەوە بزانێت کە هەموو بابەتێك کە دەیکات لەدوای ئەوەوە دەیکات کە کوردە جا بۆیە پێویست ناکات داکۆکی لێ بکات.

جا بۆیە بەڕای من پێویستە هونەرمەند پێگەیەکی تایبەتی خۆی هەبێت نەك سەیری ئەو رەگەزنامەیە بکات کە بەدەستیەوەیەتی یان ئەو ناسنامەیەی کە هەڵگریەتی.

بەلاَم ئەمە بۆ ئەو مێژووەی کورد شتێکی ئاسان نییە، چونکە ئەو مێژووە ناخۆشە وای لێکردووە کە ئەوە بکات.

***تا چەند ئەکادیمیەت و خوێندن لەپەیمانگەو زانکۆ هونەرییەکان گرنگە بۆ دروستبوونی هونەرمەندی شێوەکاری، ئەمە لەکاتێکدایە کە زۆرێك لەهونەرمەندان کە ناوبانگیان هەیەو کاری ناوازە پێشکەش دەکەن دەرچووی هیچ پەیمانگەو کۆلێژێکی هونەری نین؟**

–هەمیشە هونەرمەند هەیە کە وەك خوێندن هونەریان نەخوێندووەو وەکو هونەرمەند چالاکن‌و بەبەردەوامی کاردەکەن. زۆرێك لەقوتابی ئەکادیمیە هونەرییەکانیش هەن کە لەدوای دەرچوونی لەزانکۆ وەك هونەرمەند کار ناکەن، بۆیە لایەك گرەنتی لاکەی‌تر ناکات. بەڵام خوێندنی چاك هەمیشە شانسێکی باش دەدات بۆ دروستبوونی هونەرمەند. بەلای من پێویستە خوێندکارانی هونەر پێگەی خۆیان بزانن‌و هەمیشە لەڕاگۆڕینەوەو پرسیارکردندا بن.

لە(ئەمریکاو ڤییەننا) شتێکی پێویست کە ئێمە دەرهەق بەخوێندکارەکان پیادەی دەکەین ئەوەیە کە دەیان نێرین بۆ دەرەوەی وڵاتەکانی خۆیان تاوەکو کەلتوری‌تر بناسن‌و وا نەزانن یەك مۆدێلی خوێندن هەیە بۆ فێرکردن، بۆیە پێویستە قوتابی هونەر هەمیشە رۆحێکی رەخنەیی تێدا بێت‌و هەمیشە لەئەزموون‌و گەڕاندا بێت‌و ئەفراندنی هونەری خۆی بسەلمێنێت لەڕێی هەڵبژاردنی ئەو ماتەریاڵ‌و ماددەیەی کە لەگەڵ روانیندا دەگونجێت، ماددەش بەتەنها (رەسم‌و ڤیدیۆو نەحت) نییە، بەڵکو ئەو شتەیە کە لەگەڵ ئیشەکەدا دەگونجێت‌و دەتوانێت دەربڕی بیروبۆچوونەکانی ئەو کەسە بێت، هەر بۆیە قوتابی هونەر دەبێت زۆر ماددەو ماتەریاڵی جیاواز تاقی بکاتەوە، بەنموونە لەڕەسم‌و گرافیك‌و نەحت‌و میدیۆمی‌تر. جا بۆیە لەگەڵ ئەمانەدا پێویستمان بەمامۆستای شارەزا هەیە کە لەهەموو ئەو بوارانەدا تایبەتمەند بێت.

***وانە وتنەوەو خوێندن لەنێو پەیمانگەو کۆلێژە هونەریەکاندا بەچەندین ستایل‌و شێوازی جۆراوجۆردا گوزەری کردووە، دەکرێت بزانین کە لەئێستادا پەروەردەکردنی هونەری لەپەیمانگەو کۆلێژە هونەریەکانی ئەوروپا روو لەچ ئاقارێکە؟**

–قوتابی لەئەکادیمیاکانی ئەوروپا لەلای یەك مامۆستا دەخوێنێت لەئەڵمانیاو نەمساش هەر وایە کە قوتابیەك بۆ پێنج ساڵی خوێندن لەلای یەك مامۆستا دەخوێنێت، بەڵام ئێستا لەگۆڕاندایەو بەتایبەت لەئەمریکاو بەریتانیا کە داوای گۆڕینی پەیوەندییەکان دەکەن‌و بەرەخنەیەکەوە قسەی لەسەر دەکرێت‌و ئێستا شەڕێکی گەورەی لەسەرە کە تا کەی بەردەوام بین لەسەر ئەم شێوازە، بەڵام پێویستە قوتابیەکان خۆیان ئەو بڕیارە بگرنە دەستیان کە بەرەو چ ئاقارێك بچن.

بۆیە قوتابی دەبێت بزانێت‌و هەوڵ بدات مامۆستای تریش تاقی بکاتەوە.

هونەرکردن واتا ئازادیەکی تەواوو دەبێت خۆت بەرپرسیارێتییەکەی بگریتە دەست وەك هونەرمەندو قوتابیش.. جا بۆیە ئەکادیمیەکانیش نابێت زۆر ئەکادیمیانە بیربکەنەوەو تاك لایەنە بڕیار بدەن، دەبێت بەو حاڵەتە ئیش بکەیت کە داکۆکی لەڕای خۆت بکەیت. چونکە وەکو هونەرمەند کارکردن بەتەنها خۆت رادەدەیت‌و هەر خودی خۆشت بەرپرسیار دەبیت لەبیرکردنەوەو رەخنەکانت.

***لەم سەردانەتدا چویتە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان‌و کۆلێژی هونەری زانکۆی سلێمانی، چۆن دەڕوانیتە پرۆگرامەکانی خوێندنی هونەری ئەو دوو دامەزراوە هونەرییە، ئایا تا چەند هاوەڵی سەردەم‌و پێشکەوتنە هونەریەکانی کردووە؟**

–لێرە ئەو سیستمی فێربوونە زۆر جەخت لەسەر جیاکردنەوەی بەشەکان دەکاتەوەو هەموو بەشەکان دابەشکراوە، هەرچەند لەو ماوە کەمەی کە لێرە بووم ناتوانم بڕیارێکی ئەوتۆ بدەم، بەڵام ئەوەی کە تێبینیم کرد ئەوەیە کە لێرە زۆر جەخت لەسەر تەکنیك‌و حیرفیەت دەکرێتەوە، بەڵام ئەوەی پێویستە گۆڕانی تەکنیکەکان‌و کارکردنی بەشەکانە لەناو یەکدا، بەواتای دۆزینەوەی تەکنیکی جیاوازتر، خاڵێکی‌تر کە بەلای منەوە پێویستە

بانگێشتکردنی میوانە لەدەرەوەی سیستمەکەو سازدانی وۆرك شۆپ‌و وانە وتنەوەیە لێرەو هەمیشە خۆخستنە بەرپرسیارە بۆ ئەوەی خۆت تازەبکەیتەوە، لەهەمان کاتدا سیستمی ئەکادیمیاکانیش خۆیان بخەنەوە بەر حاڵەتی تازەگەری‌و پرسیارکردن.

کۆمەڵێك هونەرمەندی کورد هەیە کە لەدەرەوەی ئەم هەرێمە ئیشدەکەن پێویستە ئەوانەش بانگێشت بکرێن‌و وانە بڵێنەوە لەهەمان کاتدا پێویستە مامۆستاو قوتابیەکان بچنە دەرەوەو زانیارییەکانی خۆیان تازە بکەنەوە.. شتێکی جوانە مامۆستاکانی ئێرە بچنە دەرەوەو لەسیستمی زانکۆکانی دەرەوە زانیارییەکانیان دەوڵەمەند بکەن‌و مۆدێل‌و سیستمی نوێ فێربن. ئەو هەستەی کە من هەمە لێرە لەبەرامبەر پرۆگرامەکانی خوێندنی هونەری دەتوانم بڵێم سیستمێکی کلاسیکەو دەبێت پلە بەپلە سیستمەکە بگۆڕدرێت‌و ئەم کارە وا بەخێرایی ناکرێت‌و ناچێتە سەر.

***ڕەوتی هونەری ئەوروپی بەرەو چ ئاقارێك دەڕوات؟**

–ئەوروپا ئێستا هەست دەکات کە بەتەنها وجودێك نییە لەم جیهانەدا، ئەزمونێکی ئازاراوییە کە هونەرمەندەکانی ئەوروپا هەست دەکەن لەکەلتورەکانی ترەوە ئەفراندن هەیەو ململانێی ئەو تەوژمە هونەرییەی ئەوروپا دەکات.

بۆیە ئێستا گرنگیپێدانێکی گەورە بەکەلتورەکانی‌تر‌و روداوەکانی کەلتورەکانی‌تر لەئارادایە.. بۆیە وەکو ئەوە وایە کە ئێمە ئالەتێك بین لەئۆرکێسترایەکی گەورەداو ئەمەش شتێکی قورسە بۆ هونەری ئەوروپی. بۆیە لەئێستادا دەبێت مێژووی هونەری ئەوروپیش بیرۆکەی خۆی بگۆڕێت، بەلاّم ئێستا هەست بەوە دەکات کە یەك مێژووی هونەری نییەو یەك مۆدێرنە نییەو لەدانانی بونیەیەکی‌ترو لەگۆڕینی ئەو بیرکردنەوەدایەو ئەوەش تەوەترێکی جوانە کە کاردەکات، بەلاّم ترسی لەدەستدانیشی تێدا هەیە.. وا هەست دەکەم ئەو گۆڕانە شتێکی جوانە.

***بوونی ستایل بۆ هونەرمەند تا چەند گرنگە؟**

–ستیل لەوانەیە بۆ دیزاینەر پێویست بێت، بەلاّم بۆ هونەرمەند ئەوە پێویستە کە بەچی کاردەکات‌و ئەوە پێویستە کە خۆی بڕیاری لێ دەدات. ستیلیش بۆ بازاڕ پێویستە کە ئەو هونەرمەندە هەمیشە بناسرێتەوە، بەلاّم بەبڕوای من بۆ هونەرمەند پێویست نییە کە ستیلی تایبەتی هەبێت.

***لەئێستادا هونەری فۆتۆگراف گرنگییەکی گەورەی بەدەست هێناوە لەجیهاندا، لێرەش لەکوردستان کۆمەڵێك هونەرمەندی فۆتۆگرافەرمان هەیە، تا چەند ئاگاداری هەوڵی فۆتۆگرافەرەکانی کوردیت؟**

–هونەری فۆتۆگرافیم زۆر کەم بینی لێرە تا ئەو بڕیارە بدەم، بەلاّم لەکەناڵی ئاسمانی کوردسات فیلمی زۆر جوانم بینی، بەبۆچوونی من کۆمەڵێك بابەت هەیە کە لەفیلمدا زۆر جوان خۆی دەنوێنێت، چونکە لەفیلمدا بەکۆلاچ‌و تەکنیکی‌تر ئیشدەکەیت‌و دەتوانیت بابەتەکەت جوانتر بکەیت، بەنموونە لێرە گۆڤاری هونەریم کەم بینی‌و هونەرمەندی کتێببیشم (Books art) کەم بینی کە پەیوەندی بەکۆمیکەیشنەوە هەیە، ئەوە شتێکی زۆر خۆشە کە لەو جۆرە ئیشکردنانەش لێرە ببینرێت، بەلاّم بەزۆری ڕەسم‌و گرافیك‌و نەحت‌و کاری ئەنسلەیشنم بینی، هیوادارم لەداهاتوودا ئەو شتانەش ببینم.

***لەم چەرخە تازەیەدا هونەر بەسەرجەم ژانرەکانیەوە لەمۆزەخانەکانداو شوێنە داخراوەکاندا دەردەچێت‌و رووەو شوێنە گشتیەکان‌و شەقامەکان هەنگاو دەنێت، تۆ**

**کام لەم دوو جۆری کارکردنە بەشیاوتر دەزانیت بۆ بەردەوامبوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ وەرگردا؟**

-من هەردووکیان بەپێویست دەزانم، ئەگەر لەمۆزەخانە کاربکەین ئەوا لەگەڵ مێژووی هونەر ئیش دەکەین و ئەوە شوێنێکە کە ئەو بابەتەی تیادا تاوتوێ دەکرێت، بەلاّم دەرەوەش بۆ من پێویستە کە لەگەڵ خەڵك ئیش دەکەیت، چونکە پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی تردا دەکەیت کە ترسیان لەمۆزەخانە هەیە.

هونەرمەندیش دەبێت گرنگی بدات بەشوێنە جیاوازەکان، هونەریش زۆر پەیوەندی بەدەرەوەی ژوورو بینای داخراو هەیە. هونەرمەند لەلای من پێویستە لەجێگەیەکدا خۆی قەتیس نەکات و شوێنەکانی هەمیشە لەگۆڕاندا بێت، بەلاّم مۆزەخانەش بەلامەوە پێویستە کە وەك گەنجینەیەك هەموو چالاکیەکان خەزن دەکات بۆ وەرزێکی ترو داهاتوو ئەگینا زۆربەی کارە هونەریەکان وون دەبێت لەبەرچاوو، بۆیە هەردووکیان گرنگی و کاریگەری خۆیان هەیە، بۆ من ئەو هەمەلایەنیە زۆر پێویستە.

***ئەزموونی هونەرمەندە گەنجەکانی کورد چۆن دەبینی بەتایبەت لەبواری هونەری مۆدێرن و کاری ئەنسلەیشن؟**

-پێویستە کە بەبەردەوامی ئیش بکەن و لەگەڵ هونەرمەندەکانی تر لەکۆنتراکت بن و پەیوەندییان هەبێت و زانیاری بگۆڕنەوە، بۆ ئەوان پێویستە کە ئەو پرسیارە بکەن کە بۆچی ماتەریاڵی کارەکەمان گۆڕی و بۆچی لەگەڵ ئەو میدیۆمە ئیش دەکەین، ئەو حەزی گۆڕینی میدیۆم و ماتەریاڵەکان شتێکی جوانە کە لێرە لەکاری گەنجەکان بینیم.

بەلای منەوە شتێکی جوان و سەرنج راکێشە کە هونەرمەندم بینیوە کە چەند وەختە بەڕەسم کاری کردووە ئێستا بەماتریاڵیتر کاردەکات و ئەو گۆڕانکاریە دەبینم کە دەچنە ئاستی رەهەند و ژوورەوە و بەر ئەزموونیتر دەکەون و بەکەرەستەی ئامادە کاردەکەن، جا بۆیە داکۆکیکردن لەئەزموونی تازە بەکارێکی پێویستی دەزانم، بەلاّم دەبێت هەمیشەش پەیوەندیەکی بەردەوام هەبێت لەگەڵ هونەرەکانیترو میدیۆمەکانیتردا..

پێویستە لەگەڵ پۆزشن و هونەرمەندەکانیتردا ئەو پەیوەندییە وون نەکەین.

بۆیە ئەمە شانسێکی گەورەیە بۆیان کە بتوانن لەو بەینەدا گفتوگۆ دروست بکەن.